لاهور تاڵبانی بە لیستێکی جیا هەڕەشە لە دەستکەوتەکانی یەکێتی دەکات

سەرچاوەیەکی سیاسی ئاگادار، ئەمڕۆ هەینی، ئاشکرایکرد کە لاهور تاڵبانی سەرکردەی پێشووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئامێزای بافە تاڵبانی، بێنیازە بە لیستێکی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

سەرچاوەکە کە نێویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی هەواڵی "موتەعە"ی ڕاگەیاند: "یەکێتی لەوە دەترسێت هەڵبژاردنی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، چ ناوخەیی بێت یان پەرلەمانی، بەهۆی نەبوونی یەک سەرچاوەی بەیاری سیاسی لەنێو حیزبەکەدا بەیە نارەزایی دەربڕی لەسەر وادەی پێشوەختەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا".

ڕوونیشیکردەوە، "لاهور تاڵبانی، بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ بافە تاڵبانی و قوباد تاڵبانی ئامێزاکانی، سەبارەت بە ڕووداوەکانی کەرکوک و لەدەستدانی دەسەڵاتیان لە پارێزگاکە، بێنیازە لیستێکی هەڵبژاردنی جیا لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزرێنێت".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "ناکۆکی ئامێزاکان لاهور و پافە تاڵبانی کاریگەری لەسەر بڕەوپێشچوونی دانوستانەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرسە سیاسی و هەڵبژاردنەکان هەبووە".